# له كەنەدا یادی چواردەهەمین ساڵڕۆژی
# دامەزراندنی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق بەرز ڕاگیرا

له یادی ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبدا ڕێكخراوی كەنەدا هەستا به سازدانی ئەم چالاكیانەی خوارەوه :

* ڕۆژی شەمه ڕێكەوتی 11–8–2007 سیمنارێك سازدرا بۆ هاوڕێیان عادل ئەحمەد و جەلال سەعید . سەرەتای سیمنارەكه به ووتاری پیرۆز بایی له یادی حیزب و بەخێر هاتنی میوانەكان له لایەن كەژال عەزیز

بەڕوەبەری سیمنارەكەوه دەستی پێكرد ودواتر بەرنامەكەی پێشكەش كرد.

باسی یەكەم له ژێر ناونیشانی " حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق، خاڵێكی درەخشان له كۆمەڵگای عێراقدا" له لایەن هاوڕێ عادل ئەحمەدەوه پێشكەش كرا. هاوڕێ عادل له باسەكەیدا ئیشارەی به هەلومەرجی دامەزراندنی حیزبی كرد له دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991 و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی شوورایی شارەكانی كوردستان كه نەخشی هاوڕێ مەنسووری حیكمەت له دامەزراندنی ئەم حیزبەدا بەرجەستەو بەرچاو بوو.دوواتر چووه سەر خاڵه درەخشانەكانی حیزب له كۆمەڵگای عێراق ودەورو نەخشی حیزب له مەیدانه جۆراوجۆرەكاندا :له بزووتنەوەی كرێكاران و ڕێكخراوكردنیان له ئەشكاله جۆراوجۆره ڕێكخراوەیەكاندا، ئیتحادیەو شووراو نیقابه كرێكارییەكان و بێكاران . بزوتنەوەی یەكسانی ژنان ، لاوان، منداڵان ، قووتابیان و پرۆسەی خوێندن. دژی تیرۆر و ڕەشەكوژی ،دژی گەمارۆی ئابووری له سەر عێراق، دژی شەڕو داگیركاری ئەمریكا له عێراق و.. ،وەستانەوه له دژی سیناریۆی ڕەشی داگیركاری وشەڕی قەومی و تایفی و تەرحی دامەزراندنی كۆنگرەی ئازادی عێراق. له كۆتاییدا ئیشارەی بەوه كرد كه سەرەڕای هەر كەموكورتیەك لەم حیزبەدا بەڵام خاڵێكی درەخشان له كۆمەڵگای عێراقدا گەر هەبێ ئەوه ووجودی حیزبی كۆمۆنیستی كریكاری عێراقه.

بەشی دووەم سیمنارێك له ژێر ناونیشانی " حیزب و مەسەلەی پەناهەندێتی" له لایەن هاوڕێ جەلال سەعیدەوه پێشكەش كرا. هاوڕێ جەلال له میانەی باسەكەیدا چووه سەر ئاوەرەبوونی جەماوەری خەڵك له دووای ڕاپەڕین ساڵی 1991 و دواتر ساڵاوی كۆچ كردن خەڵك بۆ دەرەوەی ووڵات و دەورو نەخشی حیزب له ڕێكخراوكردن و دیفاع كردن لەژییان و گووزەرانیان. له بەشێكی تری باسەكەیدا چووه سەر لایەنی ئینسانی دیفاع كردنی حیزب و فیدراسیوونی پەنابەرانی عێراقی له حورمەت و كەرامەتی پەناهەندەیی و دیفاع له كەیسەكانیان. له كۆتاییدا ئیشارەی به بەستنی كۆنگرەی فیدراسیۆن كرد له ووڵاتی سوید له 25–26 ی ئابی 2007 وەك ڕێكخراوێكی سەرتاسەری بۆ دیفاع له هەقی پەناهەندێتی.

* له شەوی هەمان ڕۆژدا ئاهەنگێك بەم بۆنەیەوه ساز درا كه تا سەعات دووی شەو به بەردەوام بوو.

**حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق/ ڕێكخراوی كەنەدا**